# لاوانی عێراق لەنێو سیناریۆی ڕەشدا

**بەشدار عەلی**

لاوان بە درێژایی دەسەڵاتی شوومی رژێمی هارو درندەی بەعس بەشیان تەنیا کووشتنو گرتنو ئاوارەییو دەربەدەریو بوون بە سووتەمەنی شەرەکانی ئەم رژێمە فاشیستە بوو, چوونکە لەبەرنامەو پرۆگرامی ئەم رژێمەدا خۆشیو بەختەوەریو خۆش گووزەرانیو ئازادی باسێکی نەبوو. لەشەری نیوان عیراق — ئێران , شەری یەکەمو دووەمی کەنداو بەهەزارەها لاو تەرمەکانیان لە بەرەکانی جەنگ بەجێماو بەهەزارەها دایكو باوك جەرگ سووتاو کرانو هەزارەها مندال بێ ناز مانەوە , بێجگە لەمانەش هیچ کەسێك بۆسەرەتاییترین مافی خۆی نەیدەتوانی دەنگ هەڵبڕێ، هەر زوو میلیشیاکانیان قووتیان دەداو بەناوی ( مخرب ) پەتی سێدارەو وایەری کارەبایان دەخستە ملیان.

زۆربەی سووپاکانی ئەم رژێمە بۆگەنەش لە لاوان پیکهاتبوو , سووپاکانی (جیش شەعبیو سووپای قودسو فیدائی صدام ... هتد )کەیان بە زۆرە ملیێ لەلایەن حکوومەتەوە بانگهێشتی عەسکەری کرابوون یاخوود ژیانیان بەبارمتە گرتبوونو نەیاندەتوانی بژین , کارێك نەبوو بیکەن تەنها چوونە ناو ئەم سووپایانە نەبێت بۆئەوەی مانگانە چەند پوولێك وەرگرنو ماڵو خێزانەکانیان لە مردن رزگار بکەن.

هەرچی بەم بەشەی کوردستانیش دەگەریتەوە , لەدوای راپەرینی خەلکی کوردستان لە ئازاری 1991 وەزعو گوزەرانی لاوان باشتر نەبووە. لەدوای راپەرینی 1991 ئەحزابی ناسیۆنالیستی کورد دەسەڵاتیان گرتەدەست, بەلام بەهەمان شیوەی رژێمی بەعس لاوان لە ژێر سایەی ئەحزابی قەومی کوردیدا نەیان توانی تەنها یەك تۆسقاڵ لەمافو ئازادیو هیواو ئاواتەکانیان نزیك ببنەوە , لە ژێر سایەی ئەحزابی ناسیۆنالیستی کوردی گەورەترین کۆمەك بە حیزبە ئیسلامییەکان کراو پارەی دەمی خەلکیان بۆ هەڵڕشتنو فەرشی سووریان بۆ راخستن بۆ نێو وەزارەتەکان. ئیسلامیيەکانیش لەبەرنامەکانیانو کارو کردەوەی هەموو رۆژەیان بەهەزارو یەك شێوە رایانگەیاندووە کە ناکۆکن لەگەل هیواو ئارەزوو ئاواتەکانی لاوان, تەقاندنەوەی سینەماو یانەکانو باخچەکانو شوێنە گەشتیاریەکانو دووکانەکانی مەشروب فرۆشی، تێزاب کردن بە لەشی کچانی مۆدێرنو هووها کێشان لێیانو بەردباران کردنیان لە بازارو شوێنە گشتیيەکان گەواهی دەری ئەم راستیەن. ئەحزابی ناسیۆنالیستی کوردی بەهەمان شیوەی رژێمی بەعس قانوونی ئیسلامی فەرز کرد بەسەر خەلکداو وەك کۆتێك بەسەر سەری خەلکی کوردستانەوە مایەوە. هەر لەگەل ئەمانەشدا دوای نەمانی رژێمی بەعس لە کوردستان ئازادی ناوێکی نەبوو لەلای لاوان , لاوان بەئازادیو مافەکانیان نەگەیشتن. بۆ سەرەتاییترین مافی خۆیان دەنگیان هەلبریوە سەرکووت کراونو راپێچی زیندانەکان کراون , خویندکارانی زانکۆ چەندین جار بۆ دواکەوتنی دەرماڵەو نەبوونی بەشی ناوخۆییو خراپیو دواکەوتوویی پرۆگرامی خوێندن دەنگیان هەلبریوە بەلام هەر زوو گەیشتوونەتە سەریانو بەربوونەتە گیانیانو بە ئاژاوە گێڕو ئانارشیزم ناویان بردوون.

ئەمە وەزعییەتی لاوانی عیراق بووە لە ژێر دەسەلاتی بەعسو ئەحزابە ناسیۆنالیستەکان بۆیە لاوانی عیراق بە هەزارو یەك شێوە ناکۆکیو نارەزایەتی خۆیان بۆ ئەم حکوومەتو ئەم حیزبانە راگەیاندووەو بەتووندی بەرهەڵستکارییان کردوون, کەم نەبوون ئەو لاوانەی کە ئامادە بوون خۆیان بخەنە بەردەم ریگای هاتو نەهاتی ریگای کۆچ بەرەو هەندەران بۆئەوەی لە ژێر دەسەلاتی ئەمانە رزگاریان ببێت, هەر ئیستاش ئەگەر پارتیو یەکێتی سنوورەکان بخەنە سەر پشت تەنانەت کادێرەکانی خۆشیان لەگەڵیان نامێننو خۆیان رزگاردەکەن. کەم نەبوون ئەو کورو کچانەی کە بۆ گەیشتن بە مافو ئازادیو هیواو ئاواتەکانیان ئامادەبووون ریگای دەریای ئیجە بگرنەبەر. ئەمەش هەمووی بۆ ئەم دەسەلاتانە دەگەریتەوە کە لاوانی عیراق لەزیاتر لە 35 ساڵی رابردوو گیرۆدەی بوون.

ئیستا وەزعەکە لەمەش خەتەرناکترە، عیراق کەوتۆتە نیو سیناریۆیەکی رەشەوە, خەڵکی عێراق خەریکە لەنیچوان بەرداشی ئەمەریکاو ئیسلامی سیاسیدا دەهارڕێن. بێئومیچدی دەستەوەستانی خەریکە باڵبکێشێت بەسەر کۆمەڵگادا. مەیدان بۆ تیرۆریستانو کۆنەپەرستانی دینیو قەومیو تائیفی ئاوەڵایەو لە ئازادیخوازانو بەرەی عەلمانیو ئینساندۆست تەنگە. لە ژێر سایەی ئەمریکاو لەنێو سیناریۆی رەشو داگیرکاریدا, "ئازادی" بووەتە گالتەجاری. ئەمریکا دەرگای بەرووی ئیسلامیيەکان ئاوەڵاکردووە کە هێز پەیدا بکەنو بەناوی ( مقاوەمەت ) دژی داگیر کاری خۆیان ساز بکەن بۆئەوەی ئەم وولاتەش بکەن بە جەنگەلستانیك وەکو ئێرانو ئەفغانستانو جەزائیر کە تەنیا روویەکی سیمای ئینسانی تێدا نابینرێتەوە. بەلام لە عیراقیشدا خەیاڵیان خاوە , خەلکی عیراق حەزیان لە ئازادیو خۆشگووزەرانیو سکۆلاریزمە. لەم نێوەندەشدا لاوانی عیراق لە ڕیزی پیشەوەدان بۆ دەست راگەیشتن بە ژیانیکی باشتر کە هەموو ئینسانیك مافو حورمەتی لە بارەگای کۆمەلدا پارێزراو بیت. لاوانی عیراق پیویستە لەم دەورانە پڕ ئالووگۆرەدا ڕیزی سەربەخۆیی خۆیان لەم تیرۆریستانە جیا بکەنەوە , لە دەوری بەرنامەو ئاسۆو ئامانجانێك کۆببنەوە کە چاوی بڕیوەتە ئایندەی دامەزراندنی حکوومەتیکی غەیرە قەومیو غەیرە دینیو سکۆلار لە عیراق , لەدەوری ئەو بەرنامەو بزووتنەوەیە کۆببنەوە کە چاوی بریوەتە ئازادیو یەکسانی ئینسانەکان , بێگوومان ئەم دنیایەش تەنیا لە جمهوری سۆسیالیستی دەبیتە واقیع.